

# زنجیرە وتووێژ لەسەر مۆسیقای کوردی:  ناسح (مەنسوور) بەهرامبەگی

لە دایکبووی ٢٨/٦/١٣٦٥ شاری بۆکانە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە تەواو کردووە. لە منداڵی ڕا بە هۆی دیتن و ئاشنا بوونی لەگەڵ ئامێری دەفە لە خانەقای خەلیفە سەید عەولای قورەیشی (باپیری) و نەی لە لای کاکی ئاوێتە بە دونیای مۆسیقا بووە. لە تەمەنی ١٥ ساڵی ڕا لێدانی نەی، پاشان ئامێری نەرمەنای(نایە) وئامێرە فوییەکان (سازهای بادی) دەسپێکردووە و تا ئێستا دو کتێبی لە بواری فێر کردنی ئامێری نایە چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

ئارشیوێکی تۆکمەی لەسەر ژیان و بەرهەمی مامۆستایانی تەپڵ، زەرب، نایە، دوزەلە و... لێدەر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆکردۆتەوە و گەلێک وتاری لە بواری توێژینەوەی مۆسیقای مەقامیی کوردی لە مانگنامەی چلاواز (کە تەنیا مانگنامەی پسپۆڕی مەقامیی کوردیە لە هەرێمی کوردستان) بە چاپ گەیاندووە. هاوکاری لەگەڵ زۆربەی وەرزنامە، مانگنامە، گۆڤار، ڕۆژنامەکانی کوردستان کردووە.

فێر کردن و بارهێنانی نزیکەسان لە بواری ئامێرە فوییەکان و فۆلکلۆر و مقاماتی کوردی لە  باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموویان چالاکن. ئەندامی ئەنستیتۆی فەرهەنگی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوساڵ، ئەندامی لێژنەی داوەرانی جێژنوارەی مۆسیقای کوردی لە پارێزگای کوردستان، سەرۆکی ئەندامی بەڕێوبەری ئەنجومەنی (تحقیقی و پژوهشی آوای کهن) بۆ ماوەی ٥ ساڵ، ئەندامی شوڕای مۆسیقای کوردستان ناسی، لێکۆڵەر و مامۆستای مۆسیقای مەقامە کوردییەکان، ئەندامی شوڕای سیاسەت دانەری جێژنوارەی منداڵان و مێرمنداڵان، ئەندامی لێژنەی داوەرانی جێژنوارەی مۆسیقای کوردی لە پارێزگای کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی هونەرە نەتەوایەتیەکان لە سلێمانی(هەرێمی کوردستان) بووە.

بەهرامبەگی خاوەنی ئیزننامەی درووست کردنی ئامێرەکانی مۆسیقای مەقامییە، وەک دیوان، نایە، شمشاڵ، دوزەلە، زوڕنا، دەفە، زەرب، دەهۆڵ. ئەو بەڕێوبەری جێژنوارەی ناوچەیی ئامێرە فوییەکان لە باکوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێران بووە و زۆر جار پلەی بەرزی بەدەست هێناوە بۆ وێنە پلەی یەکەم لە جێژنوارەی فێرگەکانی سەراسەری ئێران (لە ڕەشت)، پلەی یەکەمی مۆسیقای مەقامی لە جێژنوارەی زاگرۆس نشینان. بەڕێوەبردنی گەلێک پەنێل و کارگەی فێرکردنی پسپۆڕانەی مۆسیقای مقامی لە شارە جۆربەجۆرەکانی وڵات بە پاراستن و پەرە پێدانی مۆسیقای مەقاماتی کوردی بەشێک لە چالاکییەکانی بووە.

**١- کاتێک باس لە مۆسیقای کوردی دەکرێ، مەبەست چییە؟**

کاتێ دەڵێن مۆسیقای کوردی چییە، مەبەست ئەو مۆسیقایەیە کە خەڵکی کورد لە درێژایی مێژوودا، لە پانتای جوغرافیای وڵاتەکەی، بە پێی چەشنی ژیان و تێڕوانین و دابونەریت و شێوازی هەڵسوکەوتی خۆیان بوویانە و بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو چەشنەمۆسیقایە درووست بکرێ، مەبەستمان ئەو جۆرە مۆسیقایەیە  کە لە فەرهەنگی ژیانی ئینسانەکانی زاگرۆس نشین، کە دەب بنەچەکی کورد،  ئەڵبەت زاگرۆس و (ناوچۆمان) ساز کراوە.

**٢- تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای کوردی لە چیدا خۆیان دەنوێنن؟**

مۆسیقای کورد، تایبەتمەندییەکانی؟ یەکێکیان وەزعیەتێکە وەک هەموو مۆسیقایەکی تری دنیا، بە ئیلهام وەرگرتن لە تەبیعەتەوەیە، لە ڕووی ئەوەی کە تەبیعەتی زاگرۆس چوار فەسڵە  و یەک لە باشترین  ئاو وهەوای سەر گۆی زەوی هەیە،  مۆسیقاکەش بە پێی ئەو سروشتە ڕەنگاوڕەنگ و جیاواز و جۆرواجۆرە،  ئەوە یەکیانە.  دوووەمیان ئەوەیە کۆنترین  شارستانیەت هەر لە ناوچەی زاگرۆس  و(ناوچۆمان) پێک هاتووە و وە ئەوەڵین شاری گەورە،  ئەوەڵین

کۆمەڵگای گەورە، هەر لەو مەنتەقەیە درووست بووە و شارستانیەت و مەدەنییەت هەر لەوێوە پەرەی ساندووە و ئایین و ئیدئۆلۆژیی و جەهانبینی هەمووی لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە .

فەرمانڕەوا بەناوبانگەکان، پێغەمبەرەکان، کەسایەتی سیاسی، ئایینی، مەزهەبی، هەموو لەو ناوچەیەوە سەریان هەڵداوە، و ئەوانە هەر یەک لە سەردەمی تایبەتی خۆیان، توانیویانە، دەستکەوتیان هەبێت لە شێوازی حوکمڕانی و شێوازی ژیان لە سەردەمی خۆیان، توانیویانە رێچکەی فەرهەنگی ساز بکەن، کە دوور لە مەسەلە و باسی هونەر، نەبووە و لە نێو ئەو ەدا مۆسیقا توانیویەتی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمانە و فکرو ئەو جیهانبینییە، ئەو دابونەریتانە بێت.

هەتا باری فکریی، ئایینی جۆراوجۆر بووبێ، هەتا دابونەریت زۆرتر جۆراوجۆرتر بووبێ و بوونی عەشیرە و هۆز ڕەنگاوڕەنگ بووبێ و هەر یەک لەهجە و زاراوە و زمان و دین و باوەڕیی تایبەتی هەبووبێ، لەو ڕووەوەشەوە مۆسیقا ڕەنگاو ڕەنگ و تایبەتمەندتر خۆی نوواندووە. یەکیان وەزعی ئینسانەکانە، و شوێنێکی تاریخی قەدیمی و کۆن و یەکیشیان وەزعی فیکریی، ئەدیان و باوەڕ و باوەڕمەندی و ئوستوورە و ئەفسانەکانە کە بە زۆر ناوچەی دنیادا بڵاو بوونەتەوە، و یەکی دیکەشیان وەزعی جوغرافیا. ئەو سێ مەوردە دەبنە وڵامی پرسیار دوویەم..

**٣- بنەمای مۆسیقای کوردی لە سەر چی ساخ دەبێتەوە و چۆن پێناسە دەکرێ؟**

بنەمای مۆسیقای کوردی لە باکووری زاگرۆس، ناوەڕاست و باشوور لە سەر لاوک و لاوژە و لۆرین، بەیت، حەیران، بەند، قەتار، هۆرە، سیاچەمانە، موور، چەمەری ساخ دەبێتەوە و لە مۆسیقی نوێ، شێوازی مەقامخوێنی یا زۆرتر لە کوردییدا بە شیعری عەرووز لە قالبی سەبکی غەزەلوێژیدا دەخوێندرێتەوە، ئەمانە بنەماکانین کە ئەوانە لە گەڵ ئەدەبیات یەکتر تەواو دەکەن و وانییە بە بێ زانینی ئەدەبیات لەوانە حاڵی بی. یانی هەم دەبێ مۆسیقا بزانی هەم دەبێ ئەدەبیات بزانی و هەریەکیشی تایبەتمەندیان هەیە و بە زاراوەی کرمانجی سەرو و خوارو و کرمانجی ناوەڕاست، وەک بڵێین لە سەرێ کرمانجی لە وەسەتێ سۆرانی و لە خوارێ کەلهوری و هەورامی، کە حەوزەی ئەدەبیاتی گۆران بە گشتی خوارێ دەگرێتەوە!

**٤- مێژووی مۆسیقای کوردی چەندە کۆنە و ئەو ئامێرانەی بە کوردی دەناسرێن، کامانەن؟**

بە گشتی ئەم سوئالە، سوئالێکی دروست نییە، چون ئامێر ناتوانی بڵێی کامە بە کورد ی دەناسرێ. چون تا ئەوەی بەحسی کوردایەتی مەترەح بێ، بەحسی نەتەوە مەترەح بێ ئەو ئامێرانە بۆ وەزعیەتێکی داب و نەریتی و زۆرتر ئایینی ئیستیفادەی لێکراوە و ئەو عەشرەت و تایفە و هۆز انەی کە هاتوون لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون توانیویانە ئەو داب و نەریتانە باوەڕمەندییان بەو داب و نەریتە بێت. لەو ئەبزارانەش ئیستیفادەیان کردووە بۆ پێشبردنی بە ئیستلاح دینەکەیان و باوەڕەکەیان. بەڵام دەتوانین وا بڵێین کە ئەو ئامێرانە لەو حەوزە فەرهەنگیە زاگرۆس و موزۆپۆتامیا یەدا سەریان هەڵداوە و کوردیش وەک یەکێک لە قەدیمیترین هۆزەکانی ئەو ناوچە و گەلانی ئەو ناوچەیە بووە. کۆنترین ئامێر سازە بادییەکانە کە بە قامیش ساز دەکرێ و لە جوغرافیای ئەو مەنتەقەیە بووە، وەک نەی یا شمشاڵ کە بە دار ساز دەکرێ و پاشان بە نوقرە و ئەلیاژیش ساز کراوە. دوو، سازە "کووبەیی و ئیقاعییەکانە" کە لە پێستی سەرە گا، پێستی مەڕ و پێستی حەیواناتی دیکە ساز دەکرێ وەک ماسی و ئەوانە لەو ە کە ئینقلابی کەشاوەرزی وەزعیەتی ژیانی دامداری هەرکیان لە زاگرۆسەوە سەرچاوەیان گرتووە و لە بینولنەهرینەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، و بڵاوبۆتەوە بە دنیادا، لە ڕووی ئەو دووانەوە. سازە کووبەییەکان بە شێوەی دەف و بە شێوەی تاس و زەرم وکوت و بە شێوەی دەهۆڵیش، و سازە بادییەکانیش بە شێوەی شمشاڵ و تووزەلە(دووزەلە) و ئەنواعی خانەوادەی شمشاڵ وەک بلوێر و فیکە(ئەوە لە گڵی سووریش ساز دەکرا) و کەواڵ و ئەوانە لە کۆنترین سازەکانن. تەمیرەش(تەموورە) کە سازی پیرۆزی ئایینی یارسان و ئێزەدییە هەر بە کۆنترین سازی ئەو ناوچەیە یا بڵێین کورد ناودەبردرێ. کەمانچە و عوود و تار و سێ تار و سەنتوور و ئەوانەش سازهایەکن کە لە دوای ئەوانە، لە هەزار ساڵ بەم بەرەوە هەبووە و دروستبوونیان هەبووە، بەڵام لە قەدیمییەکان یەک سووڕنا(زوڕنا) لە هەرە هەرە قەدیمییەکانە کە سازێکی ئوستوورەیی یە کە مەڕاسمی ئایینی ئیستیفادەی لێکراوە، دوو تەموورەیە، سێ شمشاڵە، چواریش کووبەییەکانن.

**٥- ئەو لایەنانەی مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای "ئێرانی" جیا دەکاتەوە، کامانەن؟**

ئەوە ی مۆسیقای کوردی لە گەڵ ئێرانی جودا دەکاتەوە، ئەوەڵەن ئەوەیە مۆسیقای ئێرانی بەر ئەساسی وەزنی عەرووزی و هەموو ئەشعارەکەی بەر ئەساسی وەزنی عەروزە. لە مۆسیقای کوردیدا فەقەت سۆرانی زمانەکان، بەشێکی زۆر کەم لە کرمانج لە ٢٥٠ ساڵ لەوەپێشەوە هاتوون عەروزیان هێناوەتە نێو مۆسیقیانەوە. ئەو سەبکە ئەو قالبە شیعرییە کە دێتە نێو مۆسیقاوە لە سەر "ئاکسانەکان" و برگەکان و ڕیتمی شیعرەکان و نەوعی بەیان و لەحنی گۆرانیبێژ تەئسیری هەیە و یەک فەرقیان ئەوەیە. دوو لە کووکەوە فەرقیان هەیە ، سێ لە لیحازی تێکەڵکردنی "تێکزاکۆردەکان" و دەنگەکان کە باعیسی درووستبوونی مەقامەکان و دەزگاکان دەبن، فەرقیان هەیە، چوار ەم ئەساسەن مۆسیقای کوردی مەجمووعەیەکە لە مۆسیقایەکی زۆر زۆر کۆنی عەهدی عەتیقەوە هەتا مۆسیقایەکی ئەمڕۆیی کە لە وەزعیەتی ڕەوایەتی، ژیانی دامداری ، ئاژەڵداری، ئایینی و دەسەڵات ڕەنگی گرتووە. یانی هەموو چین و توێژەکانی جامعە بە مۆسیقا لە نێو کورد دا خۆیان ڕەوایەت کردووە، جا لە نێو ئەوەدا حاکمیەت وەک تەبەقەی فیئۆداڵ و سەرمایەدار ڕەوایەتی خۆی بووە لە مۆسیقای کوردی و چینی کرێکاریش ڕەوایەتی خۆی بووە، چینی کەشاوەرز ڕەوایەتی خۆی بووە، چینی مەزهەبی ڕەوایەتی خۆیان بووە، بەڵام لە نێو مۆسیقای ئێرانیدا مۆسیقایەکی ڕەسمی و حکوومی بووە، کە سیستەمێکی حکوومەتی بووە و تایبەت بە تەبەقەیەکی خاسەوە بووە، بە شیعری عەروز بەیان دەکرێ، لە حاڵێکدا لە مۆسیقی کوردی دا ئەشعاری بڕگەیمان هەیە، ئەشعاری عەروزمان هەیە، لە بڕگەیشدا بەحسێکی یەکجار زۆر دوور و درێژمان هەیە، شەش بڕگە، حەوت بڕگە، هەشت بڕگە، دەبڕگە هەتا سەرووی بیست بڕگەشەوە و دوایە جگە لەمانە لە بەحسی جیاوازی نێوان ئێرانی و کوردی دا دەتوانین بەحسی یەک مەسەلەی زۆر زۆر بەرچاو بکەین، ئەویش ئەوەیە لە نێو مۆسیقای کوردی و ئێرانیدا، تەنیا بە یەک لەهجەی ڕەسمی بە نێوی فارسی ئەو وەزعیەتە دەگوترێ، بەڵام لە مۆسیقای کوردی لە هەر ناوچەیەک بە لەهجەی ئەو زاراوەیە ئەو ناوچەیە، ئەوە دەخوێندرێ و ئەوەش دووبارە لە سەر وەزعیەتی "سامت و موسەووەت و کەشش" و نەوعی لەهجە تەئسیر ی هەیە. پەس قالبی شیعری ئێمە غەیرە عەروز و بڕگەیی شمان هەیە و ئەدەبیاتی جیددیمان ئیتفاقەن بە بڕگەیییە، بەرعەکسی فارسەکان، دوو وەزعیەتی مۆسیقای ئێرانی مۆسیقای ڕەسمی یە مۆسیقای دەوڵەتە، مۆسیقای حکوومەتە، مۆسیقای جەماعەتی قشری بە ئیستیلاح فیئۆداڵی جامیعەیە، مۆسیقای دەربارە. هی کورد ئەویشی تێدایە و بەشەکانی تریشی تێدایە، وەزعیەتی ئایینی بەدوورە لەو مۆسیقایە، و جگە لەوە لە لیحازی کووکەوە فەرقیان هەیە، لە لیحازی فەواسیل و پەردەبەندییەوە ، یانی عومقی پەردەبەندییەکانیشەوە جیاوازییان هەیە، لە مەسەلەن، بە میزانی یەک چوارەمی پەردە لە نۆتی کرۆن، لە "سوئێد؟" لە گەڵ ئێران فەرقی هەیە، لە گەڵ کوردستان فەرقی هەیە و خۆ لە یەک شەشومی پەردە دەدا لە مەقامەکان. باسێکی تەخەسووسییە بەڵام دەتوانیین، ئەوەندەی باس بکەین.

**٦- بە چیدا دەزاندرێ ئەوە مۆسیقای کوردی، ئێرانی، عوسمانی و بێگانەیە؟**

دوایە ناسینی مۆسیقی ئێرانی هەر وەک لە وەڵامی سوئالی پێشوو عەرزم کردی ئێرانی ڕەنگی سەوتییەکەی، کووکەکەی، نەوعی ئەدەبیاتێک کە بۆی بەکار دێت بۆ ئیجراکەی لە کەلام دا فەرقی هەیە لە گەڵ هی کوردی، لە مۆسیقای عوسمانیشدا کە ئەساسەن لە لیحازی قدمەت ەوە جزووی مۆسیقی زاگرۆس و بینولنەهرین نییە و تەقریبەن ئاوێتە و تێکەڵاوی چەند فۆرم و مۆسیقین کە کوردی و لە لاز و لە چەرکەز و لە ئەرمەنی و ئەوانەوە وامیان وەرگرتووە و لەو چەند ساڵەی لە دەستەڵاتدا بوون، لە پێنجسەتساڵی ڕابووردودا، توانیویانە هیندێک شت تەولید بکەن، بەڵام فەرقە ئەساسی و بەرچاوەکانی لە فەواسل و پەردەبەندی دایە، لە تەرکیبی دەنگەکان پێکەوە کە باعیسی درووستبوونی گامەکان یان هەمان فۆرمەکان دەبن. سێ، لەنوعی سۆنۆریتەی ئەو سازانە وکووککردنی ئەو سازانە کە بە ئیستلاح ڕەنگی "سەوتی تایبەت بەخۆی" ساز دەکات و لە هەمووی موهیمتر نەوعی کاربوردەکەی کە ئێمە چ نەوع مۆسیقییەکمان هەیە، چ نەوع کاربوردی ئیجتماعی، کاربوردی سیاسی، کاربوردی حزبیی هەیە، کاربوردی فەرهەنگی هەیە، کاربوردی ئابووری هەیە، وەلی لە نێو مۆسیقی عوسمانی و ئێرانی تۆ بەو گوستەردەگییە ئەوانە نابینی، بەحسێکی تەقریبەن دەتوانیین بڵێین "بەرڕەسیکردنی" وەزعیەتی جامیعە شناسی مۆسیقی و بە ئیستیلاح جوغرافیا و تاریخ و مۆسیقی یە کە لێرە دا بە باسی ئەو سێ وەزعە دەبینیننەوە بۆ نموونە وەزعەیەتی ڕەقس لە مۆسیقی کوردییدا لە گەڵ ڕیتم زۆر زۆر ئاوێتە و تێکەڵاون لە حاڵێکدا لە مۆسیقی ئێرانیدا ڕیتمەکان لە پاشان بە تەولید و زانستی تئۆری مۆسیقی ساز دەبێ و زۆر پێوەندیان بە "ڕەقسەوە" نییە ئیلا چەند دانەیەکیان نەبێ .

**٧- دووری و نزیکی مۆسیقای کوردی لە دەستگاکانی ئێرانی وعوسمانی چەندە و ئایا مۆسیقای کوردی بە پێ دەزگاکانی ئەوان خۆی ڕادەگرێ و پەرە دەستێنێ؟**

پێش ئەوەی بەحسی تئۆریزەکردنی مۆسیقا بێ ، ئێمە لە زەمانی عەباسیەکاندا، لە زەمانی هارون ئەلڕەشیددا، وەزعیەتێکمان هەیە بۆ کوللی مەمالیکی ئیسلامی کە ئیستاندردسازییەک پێکدێت، لە ڕووی ئەو عەقەبەیەی کە هەبووە، ئەو عەقەبەیەش بێ بەری نییە لەو مۆسیقایە ئایینییەی کە کورد سەر مەزهەبی ئایینەکە بووە، و لێرەدا تەمبوور و شمشاڵ و زوڕنا لە نێو ئەو وەزعیەتەدا بە ئیزافەی ڕیتم و مەقامەکان و ڕەقس پێکەوە بە ئیستلاح بەڕێوەبەری ئەم مۆسیقایە بوون و ئەو مۆسیقایەیان بردۆتە پێشەوە، جا لە پاشان دەزگاکان ساز دەبێ، لە ئێران لە ئەوایلی پەهلەوی و ئەوایلی قاجاردا و لە زەمانی حیلمی پاش لە میسر وەک شتێک هەزار و نۆسەد و دهەی ١٩٢٠ ە ئیدی دەقیقەن نازانم ئەی بیست و سێ، یان بیست و پێنجە ٣٥ "لەحن" لە هەموو "مەمالیکی "عەرەبی لە شۆڕایەکی حەوت ڕۆژە کە حەوت شۆرا دادەنێن کۆ دەبێتەوە بە حوزووری "سێ چوار کەس لە شەرقناسان" کە غەربییەکانن و لێرەدا ٣٥ لەحن کۆدەکرێتەوە کە ٢٣یان مەربوت بە شیمالی عیراقە واتە خەتی شەنگال و شێخان و دهۆک و هەولێر و زاخۆ ، ئەمە وەزعیەتێکە کە ساز دەبێ زۆر لە قەدیمدا جیاوازیی بەرچاویان نییە، چون وەزعیەتی ئایینییە و ئەوانیش بەو ئایینە باوەڕمەند بوون، بەڵام وەختێکیش کە ئایینەکە جودا دەبێتەوە و ئیسلام دێت و سێرییەک دەبنە ئیسلام و سیرییەک لە دینە کۆنەکاندا دەمێننەوە، دوایەش وەزعیەتی ناسیۆنالیسم دێت، هەرکەس هەول دەدات بۆ نەتەوەی خۆی و بۆ ناسیۆنالیسم تێبکۆشێ و جودا ی کاتەوە و هێندێک شتی نوێش ساز دەکەن، دەتوانیین بڵیین لە ڕابووردودا لە یەک نزیکن بەڵام لە سەت ساڵی ڕابووردوودا یان لە قەرنی پێشدا بە هۆی هاتنی ناسیۆناڵیسم ئەوانە لە یەک جیا بوونەتەوە و قالبە شیعرییەکان گۆڕاون و ئیستیفادە و کارکەردی مۆسیقاکە، گۆڕاوە بۆیە، جیاوازی بەرچاوی تێدایە .

**٨- دەزگاکانی مۆسیقای کوردی سەربەخۆ و تایبەت بە کورد، کام دەزگاگەلن؟**

هەروەک عەرزم کردی مۆسیقای کوردی کۆنترە لە مۆسیقای دەزگایی، و ئەو پرسیارە غەڵەتە. پرسیاری هەشت بەو برادەرە بڵێ پرسیارەکەت غەڵەتە. دەزگا تایبەت بە ٩٠ ساڵی ڕابووردو حەوزەی جوغرافیای سیاسی ئێرانە.

**٩- ئایا لاوک و حەیران و ئای ئای و بەندی وەک ئازیزە و گەلۆ و سوارۆ و... لە ناو مەقام و دەستگاکاندا جێیان دەبێتەوە، یان شوناسێکی تایبەتیان هەیە؟**

پرسیاری نۆهەمیشی درووست نییە، لاوک سەبکە، حەیران سەبکە، ئای ئای فۆڕمی قەتارە، بەندیش بۆخۆی سەبکێکە.ئازیزە بەندە، گەلۆ بەندە، سوارۆ بەیتە. وەلی ئەگەر ئاوا چاوی لێبکەین،لە ناو مەقام و دەزگا جیا جیاکاندا جێیان دەبێتەوە یان نا، بە پێی پێوەری دەزگا تۆ ناتوانی هەڵیانبسەنگێنێ، بەڵام هەروەک عەرزم کردی بە هۆی دراوسێ بوون و بە هۆی ئەوەی هەموویان لە یەک ڕیشەی ئایینی، مێژووییەوە سەرچاوەیان گرتووە، جا لە پاشان لە سەد ساڵی ڕابووردو تێئۆریزە کراون، بێگومان ئیشتراکێکیان هەیە، بەڵام بەو وەزعیەتەی کە ئەمڕۆیە، ئێمە ناتوانین ئەوانە هەڵبسەنگێنین، چون عومقی موتەغەییرەکانمان گۆڕاوە، فەواسل و پەردەبەندییەکانمان گۆڕاوە، کووکی ئیجراکانیان گۆڕاوە، "سنۆریتە"کەی گۆڕاوە و کارکردنەکەیان فەرقی کردووە، دوایە جگە لەمانە ئازیزە و گەلۆ و لاوک و حەیران و ئائای کوللەن ئەوانە بڕگەین و لە مۆسیقی دەزگاییدا بە شیعری بڕگەی ناخوێندرێن تا تۆ بتوانی لە ڕووی ئەوەوە بە ئیستلاح دەقیقەن لێکی بدەیەوە، دەتوانی بڵێی لە یەک دەچن، شەباهەتیان هەیە، مەقامیش ئەو وەزعییەتەیە کە یەکەمجار قوتبەددینی شیرازی [تاریفی] دەکات وەلی بە تاریفێکی کە عەرەبەکان لە مەقام هەیانە تاریفی عەرەبەکان لەحن و شێوازە خوێندنێکە کە لە هەشت دەنگ دابێ، و سێ قسمەتی بێ یانی پلەی یەکی بی پلەی دووی بێ پلەی سێی بێ ، بە قەولی عەرەب وتەنی قەراری بی جەوادی بێ و جەوادی جەوادیشی بێ، ئێمە زۆر فۆڕممان هەیە کە پێنج دەنگە وەلی مۆڕەککەبە، زۆریش تەکنیکییە، وەلی مۆڕەککەبە مەسەلەن دوو دەنگی جیاواز دەگرێ بە دوو بەندی جیاوازەوە لە کولدا نەخێر ئەو وەزعەیەتەی کە مۆسیقای کوردی هەیەتی، بۆ خۆی شوناسی تایبەتی خۆی هەیە و هەر ئەوکارەیە کە من چەندین ساڵە پێیەوە خەریکم و لە داهاتوو، تا دوو ساڵی ئایەندە شوناسەکەی ئیشاڵا دەدەمە دەرێ، و معەرفییان دەکەم .

**١٠- ئەگەر هەیە، کامەیە؟**

پرسیارەکەی ئەگەر هەیە کامەیە، هەر ئەوەی عەرزم کردی بەحسێکی تەخەسووسییە و ئەوە حەتمەن کەمتر لە دوو ساڵ ئایندە دەدرێتە دەرێ ئەو شوناسەیە.

**١١- ئایا بەیت، کە لە ژێر ناوی جیاواز و بە زاراوەگەلی کوردی، دەگێردرێتەوە، چەند گرێدراوی مۆسیقا و چەشنەکانی دەربڕینی مۆسیقاییە؟**

بۆچوونێکی جیایە لە جامعە شناسی، تاریخ و فەلسەفەی هونەر، یان ئیتنیمۆلۆژی ڕوانگەیەکی دیکەیە، نەک ئەو ڕوانگە غەربییەی بۆ مەسەلەی "ئیتنیمۆلۆژی" مۆسیقایە، لە ڕووی ناسینی واقعییەتهای ئیجتماعی و زاگرۆس و بینولنەهرەینەوە، دەتوانی شوناس و پێوەرەکانیشی هەڵسەنگێنێ، لە سەر ئەوە زۆر تەوزیح نادەم چوون نەکا ئەو برادەرە بڵاوی کاتەوە، ئەوە لە داهاتودا من ئەو کتێبە دەدەمە دەرێ. لەوانە حەتمەن حەتمەن باسی لە سەر دەکەم ئینشائەڵا.

**١٢- چۆن دەکرێ مۆسیقاکەمان لە مۆسیقای بێگانە جیا بکەینەوە، بۆ ئەوەی ناسنامەی مۆسیقای کوردی وەرگرێ؟**

**١٣- کام ئامێری مۆسیقایی بۆ مۆسیقای کوردی گونجاوترە؟ کام ئامێری گەلانی ناوچەکە؟ کام ئامێری مۆسیقای ڕۆژئاوایی؟**

عەرزم کردی ئامێرەکانی زاگرۆس و بەینولنەهرەین بۆ مۆسیقای کوردی گونجاون، چون هی یەک حەوزەی فەرهەنگییە. ئێمە دەبێ بە حەوزەی فەرهەنگی بەررەسیی بکەین، یانی بە جوغرافیای فەرهەنگی، نەک جوغرافیای سیاسی. کام ئامێری گەلانی ناوچەکە وکام ئامێری مۆسیقای ڕۆژئاوایی؟ ئامێری مۆسیقای ڕۆژئاوایی بۆ مۆسیقای شەرقی وەختێک جواب دەداتەوە، کە ژەنیارەکەی ناساندن و ئاشنایەتی ناسین و ئاشنایەتی باشی لە سەر هەردوو "نەوع" مۆسیقایەکە بێ بۆ وەی دووچاری هەڵە نەبێ و بتوانێ لە زینەت و عومق و فەواسل و پەردەبەندی و لەحن و ڕەنگ و کووکی تایبەت بە خۆی ئیستیفادە بکات، چون ئەوانە زۆر موهیمن و ڕەنگی سەوتی تایبەت ساز دەکات کە مەربووت بە ناوچەیەکی ترە، و لەو ئەسالەتە دووری دەخاتەوە. مەسەلەن بۆ نموونە دەتوانین ویۆلۆن میسال بێنین.

**١٤- ئێمە بە شمشاڵ و دەفە و سێ تار و ئامێرەکانی هاوشێوە، چەندە بوارمان بۆ پێشکەشکردنی مۆسیقای کوردی هەیە؟ کام ئامێری نەتەوەکانی تر لە گەڵ ئۆرکێستری مۆسیقای سەردەمیانەی مۆسیقای کوردی دەگونجێن؟**

سوئالی چاردە نازانم بوار یانی چی، بەڵام هەروەک عەرزم کردی ئەگەر لە شومالی زاگرۆسەوە لە تفلیسی گورجستانەوە بێین بەرەو ئیرەوان و بێینە خوار بۆ نێو ورمێ و بێینە موکریان و بچینە ئەردەڵان و بڕۆینە ناودەربەند و کرماشان و هەورامان و حەتا حەوزەی بەختیاری و لەکەکان بڕۆین لیرەدا ئێمە لاوک و لۆڕین و لاوژە و بەیت و حەیران و بەند و قەتار و هۆرە و مۆر و سیاچەمانە دەرەیی و شتە ڕیتمیکەکانی ببەخشە چەپڵە و بەزمی چەپڵە و ڕیتمیکەکانمان هەیە کە لە حەوزەی خوارێ پێیدەڵێن گۆرانی و لە سەرێ پییدەڵین کەلام یان سترە ئەوانەمان هەموو هەیە کە بەو سازانە بە هەموویان لێدەدرێ. فەرقێکیان

نییە.

**١٥- لێرە و لەوێ ناو لە ئورکێستری کوردی ئەم شار و ئەو شاری کوردستان دەبرێ، ئایا ستانداردێک بۆ سازکردنی "ئۆرکێستری کوردی" هەیە؟ گەر هەیە، دەبێ چۆن بێ؟**

**١٦- لە شارەکانی کوردستان دەورە و وانەی مۆسیقا هەیە و منداڵ و لاو و گەورە لەو شوێنانە فێری ژەندنی ئامێری مۆسیقا دەبن، چەندە بنەمایەکی گشتی بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی مۆسیقای کوردی هەیە؟**

بنەمای گشتی بۆ فێربوونی ڕاهێنانی گشتی بۆ مۆسیقای نییە، بە ناوچەیی هێندێک کار کراوە، بەڵام ئەوەی لە شارەکانی کوردستان، لە دەرەوەش ئەنجامی دەدەن، ئەویش هەر هەڵەیە، بنەماکەی غەربییە. هیچ جیاوازییەکی وای نییە، ئەوە هی مۆسیقای کوردی نییە، لە ڕووی واقیعەکانی جامیعەوە نەیەین جامیعە بەرەسی کەین و دەستاوەردەکان و

کارکردانی  هونەر لە ناویدا پەیدا نەکەین،  ناتوانین  بە دەرکێکی درووست بگەین. ئەڵبەت ئەو سوئالی شازدە زۆر جێی باسە بەڵام، ئەوە زۆر سوئالێکی کولییە، ئەوە کە ئاوا باسی دەکا ئەو برادەرە،  ئەو پرسیارەی کردووە لێرەدا  ئەوەی لە دەرەوەش دەگوترێ هیچ فەرقێکی  لە گەڵ ئەوەی لە ئێران دەگوترێ، نییە. تازە ئەوەی لە ئێران باشتریشە. زۆر ئەوە نییە بڵێن چون دەگوترێتەوە  و ناوی کوردییە، زانستی نییە.

**١٧- ئایا ناکرێ لە شارەکانی کوردستان فێرگەی مۆسیقا و مۆسیقای کوردی لە سەر بنەمای دیاریکراوی گشتی دابمەزرێ؟**

تا زەمانێک سیستەمی ئامووزشی نەبێ بوون و نەبوونی فێرگە زۆر "خرووجێکی" نابێ. فەقەت دەتوانێ هێندێک شت موعەرەفی بکات.

**١٨- زانستگا و فێرگەی باڵا بۆ خوێندنی مۆسیقا و مۆسیقای کوردی چ دەورێکی لە پێشخستنی مۆسیقای کوردی هەیە؟ بۆچی لەو چەشنە زانستگا و فێرگانە لە کوردستان، نابیندرێ؟**

ئەوو چەشنە لە مۆسیقا وەزعیەتێکی غەربییە کە ئەساسەن من ئیعتقادم پیی نییە و ئەو رەسالەتەی مۆسیقا لە شەرق هەیەتی لە قالبی ئۆرکێستردا خۆی نابینێتەوە ئەگەر قەرارە داسەپێندرێ وەزعیەتێکی مۆسیقای غەربییە و زۆر کاری باشی بۆ کراوە و ئەساتیدی زۆر گەورە هەن دەتوانن بە تەقلید لەوانەوە ئەوانیش داینین.

**١٩- ئایا پێویست نییە فێرگە بۆ گۆرانیبێژان دابمەزرێ بۆ ئەوەی، ئەوان لە ڕێگای زانستییەوە دەنگیان ڕاهێنن و شارەزایی لە مۆسیقا پەیدا بکەن؟**

**٢٠- گرفتەکانی سەر ڕێگای دامەزراندنی کۆنسێرواتوار و ئەکادیمیای مۆسیقا بۆ ڕاهێنانی لاوان چن؟**

**٢١- چی دەبێ بکرێ بۆ ئەوەی مۆسیقا وەک وانە لە فێرگەکان بگوترێتەوە؟**

سوئالی ٢١و حەفدە و هەژدە یەک جوابیان هەیە خاڵە گیان.

**٢٢- کەی و چۆن دەتوانین ئۆپێرای کوردیمان لە سەر بنەمای کلاسیکەکانمان هەبێت وەک ئۆپێرای مەم و زین و خەج و سیامەند و....**

ئۆپێرا، مۆسیقای کلاسیک،  ئەوانە وەزعیەت، چەمکێکی غەربین،  ئێمە ئەوانەمان هەیە، مەم و زین و خەج و سیامەند و موشکلێکیش نییە با بە ئۆپێرا نەبێ،  ئۆپێرا ڕەنگ و لوعاب و نەوعی بەیانەکەیەتی کە دەزانی وەک چی وایە؟ ئەلعان مەسەلەن ڕۆمان، لە غەربدا هەیە وەلی ڕۆمانی ئێمە ڕیوایەت ناکات، ڕۆمان وەزعیەتی ڕیوایەتیی گەلانی غەربە، کە نووسەرەکانیان بە ڕۆمان، خۆیان ڕیوایەت کردووە. ئەورۆ جەماعەتێک لە ناو کورداندا دێن خۆیان بە ڕۆمان ڕیوایەت دەکەنەوە، هەرچەند ناتوانن ئەو جورەی شایەد و بایەدە سەرکەوتوو بن، ناچار بن و دەرکەون تێیدا. لەبەرچی لەبەر ئەوەی شێوەی ڕیوایەتکردنی ئێمە ڕۆمان نییە، ئێمە بە لاوک و بەیت خۆمان ڕیوایەت کردووە، و بەو ڕیوایەتە توانیومانە ڕیوایەتێکی مەعریفی بە ئیستلاح جامیعەی ئاگاە و خودئاگاهیش لە مەقاتعیکدا کەسب کەین و بەو وەزعیەتە بگەین، ئەورۆ ئەگەر قەرارە ئۆپێرا سازبکرێ بە تەقلید لە غەربییەکانەوە، ئەوە کاری بۆ کراوە و زۆر ڕاحەتیش دەتواندرێ، لە ڕووی زانستە غەربییەکانەوە، کە لە قەرنی پازدەوە دەستی پێکردووە، هەتا ئەمڕۆ  لەو پێنجسەت ساڵەی ڕابووردودا بێین کۆپی شتی غەربییەکان بکەین، چ ئۆرکێستر سەمفۆنیک بێ چ ئۆپێرا بێ، هەر شتێکی دیکە بێ کۆنسێرتوار بێ و ئەو وەزعیەتە من خۆم موافقی نیم،  و موخالیفیم چون زائیدەی فیکریکە کە من بۆخۆم، باوەڕم بەو فکرە نییە و هیچ هەوڵ نادەم ئەو مۆسیقییە، بگاتە ئەو وەزعییەتە،  بەڵام ئەوەی چۆن ڕیوایەت دەکرێ بە شێوازی خۆمان، و چۆن دەتوانین، ئەو ڕیسالەتەی کە مۆسیقی هەیەتی لە وڵاتی خۆی ئیجرای بکەین؟ پێمگوتی، لە ڕووی زانینی واقعیەتهای جامیعەوە لە ڕووی واقعیەتهای جامیعەی هونەر بە مانای واقعیەتهای جامیعە و هونەر بە مەعنای ئەوەی چ وەزعیەتێک لە چ سەردەمێکدا حاکم بووە، و چ کارکردێکی بووە، لە ڕووی ئەوانەوە باش دەتوانین ئێمەش هەر عەینەن وابکەین،  ئۆپێرایەک، لە مۆسیقی کلاسیکدا، کاری ئەوەیە کە بێتو ئەو وەزعیەتە لە کلیسادا بژێنێتەوە، ئەو تەسویر سازییە بکات،  ئەوانیش دەقیقەن هەر ئەو کارکردەیان هەیە و فەقەت نەوعی بەیانەکە، حاڵەتەکە، سەبکەکە،

ڕەنگبەندییەکە فەرقی هەیە، لیرەدا پێویست ناکات کە سی نەفەر ویۆڵن بیت دابنیشێ ئۆپێرایەک لێبدات، بافتی چەند خەتی بێ، دەتوانێ چەند ئامێرێک، بە دەنگبێژێک، بە کەلام و ئەدەبیات ئەوکارە بکرێ، زۆرتر لە مۆسیقی شەرقی و لە کوردیدا کەلام سەروەری دەکات بە سەر ڕەنگی سەوتی و مێلۆدیدا کە ئەوەش خراپ نییە و جۆرە وەزعیەتێکە، کە دەتوانیت تاریخ شەفاهییەکی باش، زمانی دایکی و حس و حاڵ و ئیحساسات و پەیامهای ئیجتماعیەکی زۆر زۆر باش بە واسیتەی کەلام بگەیینیت و ئەوەش بە واسیتەی مۆسیقا یارمەتیدەری گەیشتن بەو مەعریفەتەیە. ئەوە بۆچوونێکە لە شەرق و قەدیمەوە بووە.

ئەگەر پرسیاری دیکە هەیە لە خزمەتتدام خاڵە گیان.

**٢٣- کەی و چۆن دەتوانین ئۆرکێستریکی سیمفۆنیکمان هەبێت؟**

**م. بەهرام بەگی :**

وەڵی ئەو پرسیارانەی ئەو دۆستە کردویەتی، زۆریان وانیین، یانی بۆ ئەو حەوزەیە نابێ، ئەو نەوعە پرسیارانە بکەی. وەک ئەوەیە تۆ لە ئەبعادی زەمینێکی مەسەلەن کەمدا لە زەمینێکی دووسەت میتریدا باسی دانانی مەسەلەن "سولەیەکی" زۆر گەورە دەکەی. یا بەعکس لە سولەیەکدا هاتووی باسی مەسەلەن، دە سانتی میتر دەکەی. ئەو وەزعیەتانە فەرقیان هەیە پێکەوە. تۆ بە پێی ئەبعاد و وسعەتە فەرهەنگییەکەت، دەبێ نەوعی سوئالەکانت، دابنێی. ئێستا ئەو حەوزە فەرهەنگییەی ئێمە باسی دەکەین، زۆر مەسایلی ریشەیی و بنچینەییتری تێدایە کە گروی مۆسیقی هەبێ یان نەبێ؛ یا ئاموزشگایەکی مۆسیقی هەبێ یان نەبێ. مەسائیلێکی زۆر زۆر موهیمتر لەو حەوزە فەرهەنگییە دا هەیە کە مۆسیقی لە هەموویاندا بوونی هەیە، بەڵام، ئەو ئیشارەی بەوانە نەکردووە.

لە کولدا ئەو تەوزیحەی منیشیان هەر بۆ بنیرە، مادام ئەگەر بۆیان دەنیری، ئەو سوئالانە، بەشێکی هەرە زۆریان غەڵەتن، تەقریبەن پێنج شەش سوئالی ئاخری بۆ ئەو حەوزە فەرهەنگییە، ئەو نەوعە پرسیارە نابێ، بکردرێ. ئەساسەن جوابیان نییە و هەڵەن ئەو نەوعە پرسیارانە.

* ئەم پرسیارانە لە ڕێگای دۆستێکەوە بۆ بەڕێز بەهرامبەگی ناردراوە و وەڵامەکان بە دەنگ لە ڕێگای "واتسئاپ"ەوە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵپەری ڕۆژهەڵات/ بۆکان.